


# کۆمار و ئەڤین خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "مژاباد"ی جان دۆست

شەریف فەلاح

مژاباد، یەک لە ڕۆمانەکانی جان دۆست، نووسەری کوردی خەڵکی کۆبانێیە کە بە قەڵەمی فەرهاد چۆمانی، لە شێوەزاری کورمانجیی سەرووەوە بۆ کورمانجیی ناوەڕاست (سۆرانی) گۆڕدراوە و لە دووتوێی (٢٧١) لاپەڕەدا و یەکێکە لە بڵاوکراوەکانیماڵی وەفایی، ساڵی ٢٠١٦ چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

## پێشەکی: مێژوو و ڕۆمان

هەروەک لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا نووسیویە ئەم ڕۆمانە لەبەر ڕۆشنایی کۆماری کوردستاندا دەخوێنرێتەوە، لەبارەی پێوەندی نێوان مێژوو و ڕۆمان و دەوری مێژوو لە خوڵقاندنی ڕۆمان وەک دەقی هاوچەرخ، گەلێک کتێب و سەرچاوە لەبەردەستن و گەلانی دیکە لەم بارەوە خاوەن گەنجینەی دەوڵەمەندن، لەبارەی جیاوازییەکانی نێوان نووسینەوەی مێژوو و ڕۆمانی مێژوویی و دەوری مێژوو لە ئاراستەکردن و داڕشتنەوەی ڕۆمانی مێژوویی لە ئەدەبی کوردیدا سەرچاوەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە، جۆرج لۆکاچ لە کتێبی "ڕۆمانی مێژوویی"دا دەنووسێ: "ڕۆمانی مێژوویی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەم و لە بەرەبەری دەورانی ڕووخانی دەسەڵاتی (ناپلیۆن بۆناپارت)دا سەری هەڵداوە و (ڤیڤرلی ئێسکات لە ١٨١٤ چاپ کرا). هەڵبەت چەندان ڕۆمان بە ناوەرۆک و تێمی مێژوویی لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەش نووسراون و ئەگەر بمانەوێ نووسراوەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، مێژووی کۆنینە و ئەفسانەکان، لەبەرچاو بگرین، ڕاستییەکەی دەکرێ پێشەنگانی ڕۆمانی مێژوویی بۆ وڵاتانی چین و هیندستان بگەڕێنینەوە.

لەبارەی ئێمەی کوردەوە کە ڕەوڕەوەی نووسینەوەی مێژوومان جیا لە لێڵی و ناڕوونی و تاریکی، هاوکات زۆربەی شۆڕش و سەرهەڵدانەکانمان پڕن لە تەمومژ و لارە سەنگن و زۆربەیان بە دەستی کارەکتەرە ناوچەییەکان و بەتایبەت زلهێزەکان پووکاونەتەوە و ڕووخاون و وەک بایەک هاتوون و چوون، یان وەک قوماشێک چوونەتە ئاو، یان بەدەست خۆرەی خۆخۆری و خیانەتی ناوخۆییەوە لەناو چوون. ئایا کە ئێستا کورد بووەتە خاوەن ئەدەبی گێڕانەوە و دەرەتانی نووسینەوەی مێژووی خۆی هەیە، نووسەرانی ئەم بوارە (ئەدەبی گێڕانەوە) دەبێ چۆن

و لە کام گۆشەنیگاوە ڕووبەڕووی ئەو واقیعە تاڵەی ڕابوردوو ببنەوە؟ مێژووی پڕ لە خوێن و قوربانی و دۆڕان، مێژووی دەڵەمە و لەرزۆک، ئایا دەبێ بە نیگا هەستۆکییەوە ئاوڕ لە مێژووی خۆماڵی بدرێتەوە؟ واقیع لە نێوان ڕاستی و ئەدەبی گێڕانەوەدا دەبێ چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت؟ ئایا چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی ئێمە توانیویانە ئەو قۆناغ و برگە مێژووییانە و ئەو هەوراز و نشێو و شکست و نسکۆیانە بگوازنەوە ناو دەقێکی هونەری و ئەمڕۆیی و بیدەنە بەر نەشتەر؟ ڕۆماننووسانی ئێمە چەندە شارەزای مێژوون؟ گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژووی لێڵ و ئاڵۆزمان لەناو ڕۆمان و چیرۆکی هاوچەرخدا لە چ دۆخێکدایە؟

لەم بارەوە ئێمە هەژار و کۆڵەوارین و ڕۆمانی مێژوویی و ڕیالیست و واقیعی تاڵی شۆڕشەکانمان کەمتر پەرژاوینەتە سەریان کە پێویستە پەنجەرە و ڕۆچنەیەکی نوێیان بەڕوودا بکەینەوە کە من لام وایە "جان دۆست" لە (مژاباد)دا هەنگاوێکی بەم ئاراستەیە هەڵگرتووە کە سەرەتایەکی گرنگە، هەرچەندە لەڕووی شوێن - کاتەوە هەوڵی داوە ڕووداوە مێژووییەکان، شۆڕشەکانی باکوور، باشوور (ئەیلوول) تێکەڵ بکات و دواتر لە قەوارەی نووسینەوەی دوو ئەڤینی تێکشکاو و کۆستکەوتوودا لەناو چەقی لەدایکبوون و ڕووخانی کۆماری کوردستاندا یەکیان بخات کە بەڕای من ئەو جۆرەی کە جان دۆست هەوڵی داوە لە شۆڕشی شێخ ڕەزای دێرسیم، دواتر شێخ مەحموود و شۆڕشی ئەیلوول و بارزان، پاشان کۆماری کوردستان لێک گرێ بدات، هێندە پێوەندییەکە قووڵ و ڕیشەیی و ڕێکخراو نەبووە، دواتر هەرکام لەو شۆڕشانە و ئەو هەموو زەمەنە مێژووییە لە ناوەڕاستی یەکەمین جەنگی جیهانییەوە تا ساڵی ١٩٤٦ کاتێکی زۆرە و لێکگرێدانی شۆڕشی سێ پارچەی کوردستان بەو هەموو ئاڵوگۆڕ و کارەکتەر و سەرکردەوە لە دووتوێی یەک ڕۆماندا گەلێک دژوارە و لە هەندێ شوێن هەست دەکەی زیاتر لە نووسینەوەی ڕەوتی مێژوو دەچێت تا ئەدەبی گێڕانەوە، هەرچەندە دەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت جان دۆست لە (مژاباد)دا بە ئاراستە و هێڵێکی ئاسۆیی دەچێتە پێش و ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوە کارەکتەر و پاڵەوانن چیرۆکەکە دەبەنە پێش، سەرکۆنەی یەک دەکەن، نقورچک لێک دەگرن و خیانەت لە یەکدی دەکەن، پاشەملەی یەکتر قسان دەکەن و بە نەریتی خیانەت بە سیاسەت و ئەڤین و بە فیتی زلهێزەکان پشت لە یەکتر دەکەن و لایان وایە (نە بای دێ و نە بۆران)، کەواتە مژاباد، پەردە لەسەر مێژووی مژێک هەڵدەداتەوە کە واقیعی تاڵی ئێمەیە، بەڵام بە دەربڕین و گێڕانەوەیەکی نەشتەرگەرانە و ڕەخنەگرانە، نەشتەرێک کە بە هەر دێڕێک خوێن لە جەستەی زامارێک دەچۆڕێت کە باکوور و باشوور و ڕۆژئاوا لە مەهابادی پڕ لە تەم و بێ ئاو و تژی لە گوریس و تەنافدا چنگ لە بینەقاقای یەکتر دەگرن، کەچی نازانن بایەکان لەکام لاوە هەڵدەکەن تا ئەوکاتەی لەناو تەمدا ون دەبن.

## چەقی ڕۆمان

مژاباد، خاوەنی کارەکتەرێکی سەرەکییە (بادین ئامێدی) کە بە شێوازی یەکەم کەسی تاک چیرۆکی خۆی و کارەکتەرەکانی دیکە دەگێڕێتەوە، ئەو ڕۆژەی بادین لەدایک دەبێ، دایکی بەدەم ژانەوە دەمرێت، بادین کوڕی یوونس ئامێدی (مزووری)یە کە لە شەڕی دەربەندی (بازیان) و شۆڕشەکەی شێخ مەحمووددا باوکی شەهید دەبێت، ئەو باوکی خۆی نەبینیوە و دایکی سەر بە ئایینی کریستیانە و لەلای داپیرەی گەورە بووە، بادین شاعیر و مامۆستایە، پاشان ڕەوڕەوەی ژیانی وای بەسەر دێت تێکەڵی شۆڕشەکانی کورد دەبێت و دەبێتە ئەندامی حزبی هیوا و دواتر شۆڕشی شێخ مەحموود.

هاوکات لە ڕۆژنامەی ژین لەگەڵ پیرەمێرد و شاعیران و نووسەران و چالاکانی سیاسیی سلێمانی تێکەڵ دەبێت و دوایی لەگەڵ "ژاڵە" ئەڤینێک بنیاد دەنێت و تێکەڵ بە یاریی سیاسی و ئەڤینی قووڵ دەبێت، نەریتی کۆنی حزبی کوردی و پشت تێکردن و پلاندارێژی لەلایەن ئەندامانی هیواوە تۆمەت و تانە لە "ژاڵە" دەدەن و ژاڵەی لێ دوور دەخەنەوە و ڕەوانەی بەغدای دەکەن و لەگەڵ ئینگلیزەکان دەست تێکەڵ دەکات، ئەمەش "بادین" شێت و هار دەکات و پاش تێکەڵ بوون بە پێشمەرگەکان و شۆڕشی بارزانی و شەڕ و بەرەنگاری و شکست و نسکۆ و بڕینی چەند قۆناغێک

لەگەڵ بارزانییەکان ڕوو لە کۆماری کوردستان دەکەن، لەوێش دیسان درێژەی هەمان یاریی سیاسی و ئەڤینە و دیسان مامۆستایەتی و ئەشقی نیشتمان، ئەڤینی "مۆژدە" دەرگایەکی دیکە و ئومێدیکی نوێ بە ڕووی ژیانی "بادین" دەکاتەوە، هەرچەند ڕەوڕەوەی گێڕانەوە لە "مژاباد"دا زۆر فلاشباک و تەکنیکی نوێی تێدایە، بەڵام چەقی زۆربەیان ڕووداوەکان دەگەڕێنەوە بۆ مەهاباد، بادین ئامێدی کە خۆی کارەکتەری سەرەکیی چیرۆکەکەیە، هاوکات خەریکی نووسینەوەیە و پێی وایە "تەنێ نووسین دەتوانێ مردن بترسێنێت".

ئەو چیرۆک و سەربردەی ئەو کارەکتەرە ڕاستەقینانە دەگێڕێتەوە کە لە شۆڕشی سیاسی و فەرهەنگیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمار)دا بەشدار بوون. وەک: "سادق بەهادین ئامێدی، نوورەدین زازا، نووری ئەمین، پیرەمێرد، شێخ مەحموود، شێخ ڕەزا، مەلا مستەفا بارزانی، میرحاج، مەناف کەریمی، هەژار، هێمن، مستەفا خۆشناو، پێشەوا، سمکۆ، کەریم و عومەرخانی شکاک و... چەندانی دیکە". ئەم گێڕانەوەیە ململانێی نێوان دوو ئەڤینی دزراو و داگیرکراوە کە بە ئەڤینی نیشتمانەوە گرێ دراوە ، نیشتمانێک کە بەدەم باوەیە، بادین ئاشقێکە گیری خواردووە، ڕوو لە هەر سەنگەرێک دەکا دەدۆڕێت، ئەو سادە و ساکار و بێ خەوشە و هەڵوەدای ژین و ئازادییە، تەنیا "باپیرە"ی ڕاستی لەگەڵ دەکات. مژاباد نقورچکە لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێو، مژاباد هەڵدانەوەی ئەو برینە پڕ لە کێم و زامە خۆبیانەیە کە ڕاستیی سیاسەتی کورد دەخاتە ڕوو.

### تیپ و هێماکانی مژاباد

جان دۆست لە دووتوێی گێڕانەوەی "مژاباد"دا بەردەوام کۆمەڵێک چەمک و دەستەواژەی زەق کردووەتەوە و هێمایی و ڕەمزییانە بەردەوام وەک قسەی سەر زار، یان خەسڵەت و تایبەتمەندیی کارەکتەرەکان دووپاتیان دەکاتەوە و بەمانەش کۆمەڵێک پەیام و قسەی نەگوتراو و شاراوەی پێیە و وەک کۆدی نەکراوەی ناو دەقەکە دێنە ئەژمار، هەرکام لەوانە دەکرێ وەک تیپیکاڵ و مۆتیف لێیان بڕوانرێت و واتا و مانای جیاواز لە ماناکانی خۆیان هەیە.

هێما و چەمکەکانی وەک: "نووسین، ئەڤین، خەنە، تووتن، قوتووە جگەرە، ترێ، شەراب، با، ئاو، ڤۆدکا، مژ، گوریس، و...".

**نووسین:** لە سەراپای دەقی مژاباددا لە پشت گێڕانەوە و نووسینەوەی سەربردەی (بادین)ەوە هەست دەکەی ئەوە سێبەری کەسێکی دیکە هەیە کە حەزی لە نووسین و خوێندنەوە و فێربوونە، ئەو بەردەوام خەون و خولیاکانی لەبارەی ئەدەب، زمان، شیعر، مامۆستایەتی لە زۆر شوێن و دیالۆگدا دەخاتە ڕوو، هەندێ جار گلە و گازندەی ئەو پشتگوێ خستن و پەراوێزخرانەی کورمانجیی سەروو لەلایەن نووسەرانی سۆرانی زمانەوە دەکات کە بە بیانووی پیتی لاتینی سانسۆر دەکرێن و ئەمە بە ڕوونی دیارە و وەک بەشێک لە دابڕان و لێک تێنەگەیشتنی نێوان دیالێکتەکان باسی دەکات، "بادین" نوێنەری توێژێکە لەناو شۆڕشی سیاسی و ڕاپەڕینەکانی کورددا لە نێوان دوو بەرداشی شێوازی خەباتی فەرهەنگی، ڕۆشنبیری و خەباتی چەکداریدا گیری خواردووە و هەر جارە ڕوو لە یەکیان دەکات و خۆیشی نازانێ خەونەکەی لە نووکی خامەوە بەدی دێت، یان لە لوولەی چەکەوە.

**ئەڤین:** هەرچەند لە مژاباد دا ئامادەیی کارەکتەری ژن کەمە و تەنیا "ژاڵە و مژدە و داپیرە"ی بادین ئەویش بە چەند دێڕیک ئامادەیی هەیە، ئەمەش دەری دەخات شۆڕش و ئەڤینی کورد کوردانەیە و ژن تێیدا پیوارە (غایبە). ئەشق بە ژن و گیرۆدەبوون بە ئەڤین لە مژاباددا کە "بادین" داهێنەریەتی، قوڵپ دەدات و لە دوو هەرێمی سلێمانی و مەهاباد تووشی دەبێت، لە سەراپای ئەم دەقەدا بە دوو واتای نیشتمان و دڵدارییەوە ئەڤین دەردەکەوێ، ئەڤینێک کە دەکرێ وەک ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕشی کورد بە ژیان لێک بدرێت، لەم ئەڤینانەدا کە یەکیان (ژاڵە) پرەنسیپی وشکی حزبی لێی داگیر دەکات و دەیکاتە قوربانیی ئایدیۆلۆژی و دواتر دەزگای سیخوڕیی ئینگلیز لەدژی شۆڕشەکانی کورد بەکاری دێنێت و دەیکاتە سۆزانی و لە کراسی سۆزانیدا لەگەڵ بادین لە مەهاباد دەخەوێت، هەم کەرامەتی شۆڕشگێڕیی کوردی پێ دەشکێنێ و هەم وەک سیخوڕی ئینگلیز بۆ ناو کۆمارێکی دەنێرن کە ڕووسیا لە پشتیەتی کە پڕە لە ڕەمز و هێما،

ئەڤینی "بادین" و "موژدە" کە ئەویش مامۆستایە و لەناو خەونی کۆمار و لە مەهابادی ڕەنگین و پڕ بژوێندا دەیان ژوان و ئەشقێنییان هەبووە، گرێدراوی ئەشقی کۆمارێکە کە سەدان کەسی ئەڤینداری لە خۆی کۆ کردۆتەوە، کەریم شکاک کە ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک)ـە و سوێندی خواردووە خیانەت لە خاک و ئاو و شەرەف و کەرامەتی نیشتمان نەکات، هەر لە سەرەتاوە بە ئەشقی ژاڵە و بادین دەزانێ، لە ناخەوە دەکوڵێ، وەلێ نایدرکێنێ، نەتەنیا دەکەوێتە ژێر کاریگەریی فیکری خێڵەکییانەی "عومەر خان"ـەوە و پشت لە کۆمار دەکات، بە فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی "موژدە" لە بادین هەڵدەگەڕێنتەوە و خیانەت لە دۆست و هاوڕێی نزیکی دەکات و لەدەستدانی ئەم ئەڤینە بە قەت ڕووخانی کۆمار و خیانەت و پشت تێکردنی ڕووسیا لەو کۆمارە کاریان کردە سەر ڕوح و دەروونی بادین و تەواو دای دەڕووخێنن و تەنیا مەرگی باپیرەی هێندە ئازاری دا، کۆد و ڕەمزەکانی پشت ئەم ئەڤینە کە وەک بایەک هاتن و وەک زریان دڵی بادینیان هەڵکۆڵی گەڵێک زۆرن و لەگەڵ ئەو بایانە تێکەڵن کە تەنیا عومەر خان و ڕووس و ئینگلیز و تاران و ئەڵمانیا و ڕەزم ئارا دەیانزانی کەی و لەکوێ و چۆن هەڵدەکات، بۆیە پیرەی "گوریس"چن لە مەهاباد هەر خەریکی چنین بوو و تفاقی مەرگی گشتیی تەیار دەکرد.

**خەنە:** خەنە، یەک لەو گیا دەرمانییانەیە کە بۆ ڕەنگکردنی قژی ژنان و کچان و پەنجە و لاق بەکار دەهێنرێت و بۆنێکی خۆشی هەیە و لە کولتووری زۆر لە گەلاندا پێگە و تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەناو کولتووری کوردیشدا خەنە لە زەماوەند و بۆنەکان، بەتایبەت شەوی خەنەبەنداندا بەکار دێت، لە مژاباددا جان دۆست، بە شێوەی هێمایی بەکاری هێناوە و وەک سیمبۆلێکی بۆنخۆش و ڕەنگاڵە کردوویەتە بەری شۆڕشەکەی شێخ ڕەزای دێرسیم، ئەو خەنەیە لەباتی خوێنی دەست و پێی و سەری ئەو سەدان کچ و کوڕ و کاڵ و جوامێرانەی دێرسیمە کە لە چیاکانەوە خۆیان هەڵدا، یان خۆیان هاویشتە چەمی "مونزوور"ـەوە، بۆ ئەوەی نەکەونە چنگی تورکانەوە. (حوسێن دێرسیمیم هێنایەوە و لە ژوورەکەم نیشتەجێم کرد، ژوورەکەم پڕ بوو لە هەڵمی خەنە، تژی بوو لە گریان.) ل١٤ و لە چەندان ڕستە وەک هێما دووپاتی کردووەتەوە.

**تووتن و قوتووە جگەرە:** تووتن، یەکێک لە بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستانە کە لە زۆر ناوچە لەلایەن وەرزێر و جووتیارانی دەستەنگ و بەلەنگازەوە دەچێنرێت، ناوچەکانی وەک سەردەشت، موکریان و کۆیە ناوچەیەکی شیاون کە هەموو کات سەرقاڵی وەبەرهێنانی تووتن بوون، جان دۆست لە مژاباددا هێمایییانە تووتنی بەکار هێناوە کە تاکە سەرچاوەی بژێومان لەلایەن عوسمانییەکان لە کۆیە و ڕووسەکان لە موکریان چاوی تێبڕاوە و تالانیان کردووە و بەڵێنیی چەک و تەقەمەنیان داوە، کەچی بەڵێنێکی بێ بنەما بووە، یان قوتووە جگەرە وەک کەرەستەیەکی شەخسی و تاکەکەسی و هێما و ڕەمز و ڕازێکی سەرداپۆشراو نەوە بە نەوە بۆمان ماوەتەوە، وەلێ ئەو تاقە ڕەمزەشمان لێ زەوت دەکرێت و هیچ نهێنییەکمان بۆ نامێنێتەوە و لەو ڕێگەیەوە کەسێتی و پێگەمان دەشکێنرێت. (زۆر درەنگ تێگەیشت کە ڕووسەکان پەیماننامەی نەوتیان بە خوێنی مەهابادییەکان واژۆ کردووە، زۆر درەنگ پێی زانی کە ئەو هەموو تووتنەی مەهاباد کە برایە مۆسکۆ و کرایە سیگار، دووکەڵێکی ئەفسانەیی لێ بەرز بووەوە و ڕاستییەکانی مێژووی لەگەڵ خۆیدا سووتاند، لەو شارە خۆی بەتەنیا دەبینی، قوتووی تووتنەکەی گەیشتەوە دەستی، وەلێ پڕ خوێن بووبوو، ئاخ خوێنی کچێنیی موژدە بوو، یان خوێنی دڵی ئەو! ل٢٧٠).

**ترێ و شەراب:** ترێ لە ژیانی کورددا جێگەی زۆری هەیە (ترێ میوەیەکە وەک سیحرە، دەبێتە مەی، دەبێتە مێوژ و دۆشاو، دەکرێتە باسووق و سجووق و دەبێتە هەموو شتێک، من ترێ وەک خۆم دەبینم، لە نێوان من و ترێدا تێکەڵبوونێکی گیانی هەیە، تاکە جیاوازی نێوان من و ئەو میوە هاوینییە کە من ساڵانێکی زۆرم پێویستن بۆ گەنین و پڵیشانەوە، بەڵام ئەو لە مانگێکدا) ل١٨٣، ترێ سەرچاوەی شەراب و مەستبوون و ڕاستییە. ترێ تژییە لە ئاو، تژییە لە ڕەنگ و گیان دەدات تاکو ئێمە گەشاو و شاد بین.

**با:** ئەو دیاردە سروشتییەیە کە لە ئەدەبدا زۆر بەکار دەهێنرێ و لە کولتووری کوردیشدا چەند ناوچەیەک بە بای زۆر بەناوبانگن، وەک

"ڕەشەبای سلێمانی، بای کۆیە" و هەر بایەکیش ناوی جیاوازی هەیە وەک: "ڕەشـــــەبا، شنە، زریان، گێژەڵووکە، زەلان، شەماڵ و...". لە مژاباددا، "کەریم شکاکی نێچیرڤانی بایەکان"، لەم تێکستەدا ئاماژەیە بۆ ئەو ئاڵۆگۆڕ و ئاراستە سیاسییانەیە کـە کـورد بەبێ ئەوەی بزانێ ئەو بایانە چۆن و کـەی و لەکوێوە دێن، ئاشـقـانە خـۆیان دەدەنە دەم "بای قـەدەر"ـەوە. لە مـژابادی کـۆمـاردا ڕەشـەبایەک هەڵێکردووە، دەوار و ئەستووندەکی و چوار پەلی کۆماری خستۆتە شەکە، وەلێ ئیرادە و باوەڕ و ئـەشـق بـە ژیـان لـەلایـەک و بیـرتەسکی و چوارچێـوەداربوونی فیکرەکان و یاری و ململانێی نێوان ڕووسـیـا و بەریتـانیـا ناهێـڵێ هەڵسـووڕێنەرانی کـۆمـار (با)کـان بناسن، تەنیا کەریم و عومەر خانی شکاک و سـەرۆک هۆزە بەرژەوەندی خـوازەکـان کـە بە هەمـوو (با)یەک شەن دەکەن و "با"یەکان دەناسن.

**ئاو:** ئاو مـایەی حـەیات و ژیانە، لە فـەرهەنگی کوردیدا دەڵێن "ئاو و ئاوەدانی"، جـان دۆست لە مـژاباددا زۆر بە جوانی و ڕەمزییانە مامەڵەی لەگـەڵ ئاو کـردووە. کـارەکـتـەری ئەمیـراڵ ئاغـا (بارین) کە هێـمـای ئاوە و هەر لە سەرەتای ژیانیـیـەوە دایـک و بـاوکـی لـە ئـاویـان دوور خستۆتەوە و بە گوتەی شێخێک پێـــیـــــان وابووە ڕۆژێک بە ئاو دەخنکێ، ئەو لەلای خـەڵک کـە بە شێت دەناسرێت و گوێ بە قسـە و هـاوار و دادەکـــــــانی نـادەن، ڕاسـتـیـیـەکـەی دەوری ئاقڵ و زانایەکی ڕاستـەقـینە دەگـێڕێت لە پێستی شێتدا. (مەهاباد بەبێ دەریا نابێ، ئەگـەر ئێـسـتـا بەندەرێکی هەبوایە، تووتن لە کەشتییەکان بار دەکـــــرا. ل١٣٩ و ١٤٠). باریـن ئاشق و ئۆگـری (ئاو) و ڕۆژانە بە سـەتڵێکەوە سـواڵی ئاو دەکـات و دەیەوێ چەمی سـووری مـــەهاباد بـکـاتـە دەریـا و لای وایـە هـەتـا دەستـمـان بە ئاو ڕانەگـات، کـۆمـار سـەرکەوتوو نابێ، ئەو پێکەنینی بە گـەشبینییـەکـانی خـەڵک دێت کە ئەرخایەن دانیشـتـوون و بیـر لە بێ (ئاو)ی ناکەنەوە، سەرەنجام ئەمیراڵ ئاغـا چارەنووسی وەک کـۆمــاره سـاواکە دەبێـتـە دڵۆپێک و لەگـەڵ چەمی سوور تێکەڵ دەبێت.

**ڤـۆدکـا:** یەکــێکی دیکە لە مـۆتیـڤـەکـانی مـژاباد، ڤـۆدکـایە، ڤـــۆدکــاش کــە بەرهەمی وڵاتی ڕووسیـایە، لەم ڕۆمانەدا هێمایـیانە لـەلایـەن بـاپیـــــــرەی (بـادین) و (ئاگۆپ)ی مەیفرۆش کە هەردوویان ئەرمـەنین، کـاری لەسـەر کـراوە، باپیرەی (بادین) کە سارد و گەرمی ڕۆژگاری چەشتووە و لە زۆر شوێن و شـــۆڕشی کـــورد وەک: "باکـــوور، باشـوور، بەغـدا، تاران، ڕۆژهەڵات" بەشدار بووە و ئەزموونی زۆری هەیە و درۆ و ڕاسـتـیـیـەکـان دەزانێت، پشتی لە هەمـوو شـتێک کردووە و ژیان لای ئەو "وێنە" و خـواردنەوەی ڤـۆدکـا و ڕابواردنە و هیچ شـتێکی دیکە لەلای مـانای نیـیـە و تەنیـا دارایی و داهاتی ژیانی شـووشـەی ڤـۆدکـایە، باپیـرە بە تانە و توانج و جنێـو وەڵامی باسە جـددییـەکـانی (بـادین) دەداتەوە و گـــاڵتـــەی بە گەشبینییەکانی دێت و هانی دەدات لە ڕاسـتـیـیـەکـان تێ بگـات و لە دانیـشتن و خـواردنەوەکـانیـدا لەگـەڵ ئاگـۆپ، گـاڵتـەیان بە ژیان دێت و هەمـوو باسـێکیـان دەڕواتەوە سـەر خـوادنەوە و ڤـۆدکـا و ڕووسـیـا و دەڵێت "تەنیا لەبەر ڤۆدکا ڕووسیام خۆش دەوێ، ئەگەر ئەڵمانیا ڤۆدکای هەبایە، دەبوومە نازی".

ئەم دوو کەسە کە لە کـەمینەکانی کـۆمـار و مـەهابادن، تێکەڵی ژیان و کولتووری کوردان بوون کار و ڕەفتار و خـــــــەیـاڵ و ئـایـدیـای ئـەم دوو کـارەکـتـەرە گـەلێک واتا و مـانای دیکەیان لە پشتە، کاتێک ڕووسیا هەمـوو تووتنی مـەهاباد دەبەن و بۆ خۆشیـان دەکشێنەوە، دەبێتە قات و قـڕیی ڤـۆدکـا و ژیانی ئەمـانیش بێ ڤۆدکا تاڵ دەبێت. (باپیرم هێشـتـا تووڕە بـوو، ڕووی لە ئاگـۆپی دامـاو کـرد و گـوتی: ئاگـۆپ! سێ ڕۆژ مۆڵەتت پێ دەدەم، هات و ڤۆدکـات پەیدا کرد، تۆ باوکمی، ئەگەر نا ئەز هەردوو گونەکانت دەتەقێنم) ل١٨٨.

باپیـرە هێندە نوقـمی مـەسـتی و ڕاسـتـیـیـە و دەیەوێ خـەمـەکـان بشارێتەوە، (خۆشەویستیی باپیرە بۆ کـورد و کۆمـار و پێشـەوا لە نامـە و وەسیەتەکەیدا بۆ بادین دەردەکەوێ) دەزانێ بە ڤـۆدکـاش دەمـرێت، وەلێ هەر دەخـــــواتەوە، دەخـــــواتەوە و ڕادەبوێرێ، لە گـــیـــانەڵا و دەمــە مـەرگـیـــشـدا سـەرەڕای بەرگـریی پزیشک و سیستەریش، لەباتی ئاو داوای ڤــــۆدکــــا دەکــــات و بەدەم چاوتێبـڕین لە کـچە پەرسـتـارەکـە ماڵاوایی دەکـات، ئاگۆپیش ڕێبازی باپیـرە بەر نادات و دوای مـەرگی بە یەکـــجـــاری تێک دەچێت هێندە دەخـــــواتەوە، هانای لێ دەبڕێت و هەمـوو ڕۆژێک چەند شووشە ڤۆدکا لەسەر قـەبرەکەی باپیرە دەخواتەوە و

لە کۆتاییدا خۆی دەکوژێت بە شووشە لەسەر گۆڕەکەی باپیرەی.

**مژ:** دیاردەکانی کەشوهەوا، سروشت و بەگشتی ژینگە و جوگرافیا لە مژاباددا دەوریان زۆرە و یەکێک لە خەسڵەتەکانی ئەم ڕۆمانەش ئەو وەسف و پەسنە جوانانەیە بۆ شوێنەکان کراوە، مژیش وەک مۆتیڤێکی باڵا لە پشت مانا و کاریگەرییە ژینگەییەکەی خۆیەوە چەند واتا و دەور دەگێڕێت، بەو پێیەی ناوی ڕۆمانەکە (مژاباد)ە، خۆی هەڵگری ئەو تەمومژە خەستەیە کە بەسەر مێژووی کوردەوەیە و پێش چاوی هەموانی گرتووە و ناهێڵێ بەرچاوی خۆیان ببینن و ئەو ئاسۆیەی کە شۆڕشەکانی کورد ئەسپی هیوای بۆ تاو دەدەن، لەناو "مژ"ی سەر مەهاباددا ون بوون و ئەم تەمەش دوای زیاتر لە حەفتا و سێ ساڵ هەر نارەوێتەوە!. مژ، چارەنووسی گشتمانە، چارەنووسێکی نادیار، لێڵاییەکی خەست کە پێش چاومانی گرتووە، ئەم تەمومژە لە دێرسیم و بازیان و سلێمانی، بارزان و مەهاباد نابڕێتەوە، شۆڕش و کۆمار لەناو مژدا گیان دەدات و ئێمە هەرچەند پەل دەکوتین و (تفەنگ بە تاریکییەوە دەنێین)، سواری ئەسپی هیوا بووین و ئاسۆمان لێ ون بووە، هەرچەند بێ دەریا و بەندەر و کەشتین، وەلێ تەم لێمان ناگەڕێ و مژێک هەڵمانی گرتووە و ناگەینە کەناری ئارامی. مژ و مەهاباد و هیوا سێیانەی شۆڕشی کوردن، مژ بەرەو کەساسی پەلکێشمان دەکات و مەهابادیش هەرچەند بێشکەی کۆرپەی هیوامان ڕادەژێنێ، وەلێ تفلێ دڵمان بۆی ژێر نابێ، لە لاپەڕە ٢٦٣دا دەڵێت: (ئەو ڕۆژەی هاتیتە مەهاباد، لەو ڕۆژەوە تەمومژ خۆی بە دەوری تۆ و گیان و ڕۆژەکانت و شاری مەهابادا وەرپێچاوە، چیتر بەرپێی خۆتت نەدەبینی، هەموو شوێنێک مژ بوو، تۆ لە مژاباد بووی).

**گوریس:** یەکی دیکە لەو دەستەواژانەی لە "مژاباددا" ڕەمزییانە کراوەتە هێما، وشەی (گوریس)، گوریس کە بەرهەمی خۆماڵی و پیشەی دەستە، وەک پەت و سێدارە بۆ کۆتایی ژیانی کۆمار و (پێشەوا) مانای پێ بەخشراوە، پیرەی گوریسفرۆشی مەهابادی کە جگە لە چنین و هۆنینەوەی ئامرازی مەرگ (گوریس)، بیر لە هیچ ناکاتەوە و سەری بەر داوەتەوە و لە دوکانێکی تاریک و نووتەکی ناو بازاڕی مەهاباددا، حەزی لێیە هەر ڕۆژە کەسێک بە دارەوە بکرێت و بازاڕی ئەمیش گەرم ببێت، ئەو لەوە تێناگات بەم گوریسانە کۆمار دەخنکێنن، کاتێک ئەفسەرێکی حکوومەت خۆی بە دوکانەکەیدا دەکات و داوای سێ گوریس دەکات و پێشنیار دەکات لەناو زەیت بۆ ماوەیەکی زۆر بیهێڵنەوە، ئەمە دەربڕی دەرد و ژانێکی خۆیییە، ئەمە ڕازاندنەوەی کۆڕ و مەجلیسی مەرگە بە دەستی خودی کورد، ئەمە هەڵکۆڵینی جەستەی داری نیشتمانە بە (خۆرە و هۆرە)ی خۆیی، ئەو سێ گوریسەی پیرەی گوریسفرۆشی مەهابادی بۆ (پێشەوا، سەیف و سەدری قازی)یە. لە لاپەڕە ٢٥١دا بادین دەڵێت: (نازانم بۆچی هەرکە باسی پێشەوا دەکرێ، گوریسم بە بیردا دێن، بۆنی گوریسان - لەبری سووتان - لە وشەی پێشەواوە دێت، ناوی پێشەوا خۆی، هۆنینەوە و بادانی گوریسانم دێنێتە بەرچاو.

گەلۆ قەت مومکینە ئەو عەجەمانە ملی ناسکی پێشەوا بە گوریسێکی بە زەیتکراوە بکەن؟) گوریس چارەنووسە، ئەو چارەنووسەی کە کولتووری خێڵ و عەشیرەت نەیهێشت بەرژەوەندیی نیشتمان ببینن و ژێر بە ژێر پشتیان لە پێشەوا و کۆمار کرد و هەرکامەیان بە جۆرێک گوریسیان بۆ کەلەپچە و خنکانی کۆمار چنی، لە شوێنێکی دیکەدا ئاوا وەسفی چیرۆکی گوریس دەکات: "پیری گوریسفرۆش لە قووڵایی دوکانەکەیدا بوو، وەک هەر جار گوریسێکی دەهۆنییەوە و بای دەدایە سەر یەک، دوای سڵاوکردن، گوتم: خۆزگە دەمزانی تۆ چی دەکەی؟ هەر گاه و بەردەوام تۆ ئەم گوریسە با دەدەیتە سەر یەک و دەیهۆنییەوە." وەک هەموو جار بێ ئەوەی سەری بەرز بکاتەوە، گوتی: "وەک خۆت دەڵێی گەنجی نیوە ئەرمەنی، کە من گوریسان با دەدەمە سەر یەک و دەیانهۆنمەوە، تۆ نازانی چەندە کار بە گوریس دەکرێت، جۆلانە کۆمەڵایەتییەکان هەموویان لەسەر گوریس وەستاون، کەر دەرماڵەکانی پێوە گرێ دەدەن و وەک تۆ پێیەکانیان بە ستوونی تەکیەخانەکان دەبەستریێنەوە، باری قرشە و دار و باری هێسترەکانی پێوە گرێ دەدرێ، بەو دۆلکە و سەتڵانە دەبەستریێتەوە ئاویان لە ژێری بیرەکان پێ دەردەهێنرێ،

بەهۆی گوریسەوە کەشتی و گەمییەکان لە کەنارەکان شەتەک دەدرێن، ئەوەش بزانە کە بە ملی مرۆڤەکانیشەوە دەپێچرێن" ل١٢٩.

**کارەکتەر:** جان دۆست لە مژاباددا، لەبەر ئەوەی ڕەوڕەوی مێژوو و شۆڕشی کورد دەگێڕێتەوە، زۆر لە کارەکتەرەکانی ئەم دەقە بۆ خوێنەر ناسراو و ئاشنان، بۆیە لە گێڕانەوەدا کەمتر دەپەرژێتە سەر دنیابینی، خەیاڵ و ڕەوتی ژیانی ئەو کارەکتەرە ناسراوانە، "بادین" کە پاڵەوانی سەرەکی مژاباد و هاوکات گێڕەرەوەی سەرەکیشە، زۆر بە جوانی بە خوێنەر دەناسرێت، هەر لە ژیانی باوکی (یوونس ئامێدی)یەوە بگرە، تا چۆنیەتی لەدایکبوون، مردنی دایکی، گەورەکردنی لەلایەن داپیرەی، یەکەم ئەڤینی بادین کە کچە پووریەتی، بە هۆیەکی نادیار شێت دەبێ، دوایی ئیدی کرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەبێتە ژیانی بادین چ وەک گێڕانەوەی سێ چیرۆکی ئەڤین و چەند شۆڕشی کورد کە خۆی یەکێک لە کارەکتەرەکانی ئەم دوو مەیدانەیە و بۆ خۆیشی گێڕەوەی سەرەکییە و هاوکات وەک مامۆستا و نووسەرێک ڕۆژانە ئەو بەسەرهات و سەربردانە دەنووسێتەوە، کارەکتەرەکانی "ژاڵە و مژدە" کە لە دوو شوێن - کاتی جیادا دەور دەگێڕن، هەڵگری ڕوانگەی مرۆڤ و شۆڕشی کوردە بۆ ژن، وەک چۆن شۆڕشەکانی وابەستە و گرێدراوی ئەو "با" و لایەنە سیاسییە ناوچەیی و جیهانییانە بوون و لەناو "مژ" و خەونی بێ پلانیدا هەڵپڕووکاون و لە ڕیشەیان دراوە، وەک چۆن کۆمار دەکەوێتە بەر پلار و پیلانی نەیار و گێژەڵووکەی بەرژەوەندی هەڵی دەتەکێنێ، ئاواش ئەڤینە بێ خەوشەکانی بادین لەخشتە دەبرێن و بێ ئەوەی بزانێ سادە و ساکار و بە بەرچاوییەوە هاوبیرەکانی ئەڤینەکانی لێ داگیر دەکەن و سەری بێ کڵاو دەمێنێتەوە.

دوو کارەکتەری "باپیرە و ئاگۆیی مەیفرۆش"، وەک دوو ئەندامی نەتەوەی کەمینە لە مەهاباد، مەهابادی پڕ لە تەم و "مژ"دا ساردی و گەرمی زەمانەیان چەشتووە، نائومێد و بێ هیوا بوون و تەنیا ژیان لە مەستی و خواردنەوەدا دەبینن، ئەو وێنای ئەو تیپە لە مرۆڤ دەکەن کە زۆر بە جوانی دەزانن چارەنووسی کۆمار چی بەسەر دێت و ڕووسیا و ئێران چ پیلانێکیان داڕشتووە و هەموو هەوڵیان تێگەیاندنی "بادین"ـە و کاتێ ئەو نایەوێ "واقیع" قبووڵ بکات، دەیانەوێ بە تانە و توانج و جنێو و لە مەستیدا ڕاستییەکانی پێ بڵێن، وەلێ بادین هەر ڕەوتی ژیانی خۆی دەپێوێ، چونکە بادین ئاوێنە باڵانوێنی مرۆڤی کوردی گەشبین و خۆشباوەڕە و لەناو "مژ"دا گیری خواردووە و "با"و زریانەکان ناناسێت، "هاشمۆف هەستایەوە و بە تووڕەییەوە گوتی: "ئێوەی کورد بە سەرگەرمییەوە کێشەکان چارەسەر دەکەن، هەزار ساڵی دەوێ تا ئێوە لە سیاسەتی نێودەوڵەتی تێدەگەن".

**ئەنجام:** مژاباد، هاواری خنکاوی شۆڕشێکی شکەت و بریندارە، مژاباد زریکەی ئازاری مرۆڤێکی زامارە کە پەلێکی بەدەستی داگیرکەر و نەیارەوەیە و ئەو پەلەکەی دیکەشی زەدەی دەستی خیانەت و دەردی سارێژنەبووی ناوخۆیە. ئەم دەقە لێک گرێدانی ئەڤین و شۆڕشی کوردە کە لە دووتوێی گێڕانەوەیەکی مێژوودا، باڵی دوو ئەڤین دەقرتێت، ئەڤینێک کە دەبێتە قوربانیی ئایدیۆلۆژیا، پاشان داگیرکەر و زلهێز بۆ سیخوڕی و شکاندنی شان و شکۆی شۆڕشەکان دەیکاتە ئامراز، لە مژاباددا وێنای بیری تەسکی خێڵەکی و عەشیرەت دەکرێت کە لەلایەک دەبێتە خۆرەی گیانی کۆمار و لەگەڵ "تاران"ی نەیار دەست تێکەڵ دەکەن و لەلایەکی دیکەش پشت لە بەڵێن و سوێندی نیشتمانی دەکات و ئەڤینێک لەخشتە دەبات و بنیادی لێک هەڵدەتەکێنێ. ئاوابوونی ئەستێرەی ئەم دوو ئەڤینە هێندەی ڕووخانی کۆمار ئەستەم و دژوارە. زامی ئەم دڵشکان و دەستخەڕۆکردنە، هێندەی گوریس و پەتەکەی ملی پێشەوا ئازاریان هەبووە، وەک دەڵێت: "ئەرێ مومکینە، مادام کەسێکی وەک مژدەی دڵناسک و ڕوونەرم و دلۆڤان بتوانێ ئەو دڵە بێخودانەم بداتە بەر کێردان و هەزار پارەی بکات، عەجەمیش دەتوانن پێشەوا بە پەتەوە بکەن، مەگەر چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەوەی کۆمارێک لەبەین بچێ، یان ئەڤینێک بە سێدارەوە بکرێت؟"